www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:25 26-11-2006

# پشكۆیەكی بە پەلە بۆ ئاگردانی بانگەشە ڕەواكەی بەڕێز ڕزگار گوڵە باخ ... نـەوزاد شـێردڵ

لەسەر نووسینێکی رزگار گوڵەباخ بە ناونیشانی ( (پێشنیارێک بۆ سەرجەم نووسەران، قەڵەم بە دەست و بە رێوەبەرانی ماڵپەڕە کوردییەکان) ) دەربارەی رێگرتن لە دیاردەی کۆچی عەرەبان بۆهەرێمی ئارامی کوردستان، پێم باشە ئەم نووسینە وەک پشتگیرییەک بلاو بکەمەوە.
لە ناكاوێكا ڕەق ئەوەستیت و بە تەركیزێكی جیـوە ئـاساوە سەر سووڕماو بە نزیكەكانت ئەڵێیت:- پێشتر ئەم دیمەنەم دیوە! !!خۆ ئەگەر نزیكەكانت بچێك لە بواری سـایكیی یا تەنانەت سیسیۆلۆجییش شارەزا بن ئەوا ئەتوانن بارێكی دەروونی گشتیت (الجو النفسی العام) بۆ بخوڵقێنن و تۆش دوو دیمەنی تری دوای ئەو ساتەش ئاشكرا بكەیت، ، بەڵام مەحاڵە بۆت بكرێت 7 - 6 دیمەن پێش بینیی بكەیت.
ئەوەی سەرەوە ڕێك بە پێچەوانەی سیاسەت دێت و چوونكە سیاسەتیش خوشكی ماتماتیكە و مێژووش باپیرە گەورەی هە موانە ئیتر بۆ پێش بینیی كردنی ڕووداوێكی مەلموسی سیاسی لە بری پرسی فرۆید و ئەنشتاین ونیتشە و هتد.. تاقە یەك ئاووری سەرپێیی لە مێژوو مێژووی نەتەوەكەی خۆت وەك گەلای دار وەلامت بە سەردا ئەبارێنێت، ، گرفتی هەرە گەورەی سیاسەتی بازانی ) جیاوازی بازان و مەداران ئاسمان و ڕێسمانە (ئێمەش ئەوەیە كە بۆ هەردوو سیاسەتە سەرجەم قەدەریەكانی یا ڕێكەوتەكانی مێژووی خۆمان و سیاسەتە جدی و كۆنكرێتەكانی ناحەزانمان یەك جۆر خوێندنەوەیان هەیە، ، لە بەرنامەی ژمارە دووی سەدام و عەلی زڕ برایدا شاری سلێمانی لە 1989 دا ئەكەوتە نێوان كوت و دیوانیە، ، من لە سەر نەخشەیەكی پاشكۆی ئەنفالدا و لە ژوورێكی هـۆبەی 5 ی كەركووك لـەگەڵ تیمێكی ڕاگەیاندنی كاتی ڕاپەڕین بە ڤیدیۆ وێنەی گەڕەكەكانی تووی مەلیك و برایم پاشا و سەیوان مامۆستایانم گرتووە كە ئەكەونە 30 كـم لەڕۆژئاوای دیوانیە، ، و ناوی ئەوخێزانە عەرەبانەی دیوانییەشم گرت
كە دێنە سلێمانی، ، پاشكۆكە كۆمەڵێك نەخشە و نووسراو بوون، ، بە دوایدا دهـۆك دێت ئینجا هەولێر، ، باسی نەجەفیشی تیا بوو، ، قەدەر داینیە
دەستی گێژاوەكانی كوە یت و ئەمریكا و هەر قەدەریش كردی كە زەرەر لە نیوەی بگەرێتەوە و ئیتر ناحەزیبش تاڵیی بێت یا ترشیی واحكوومەتێكی ئازادی بێ كارەبا و پەرلەمانێكی سەرفرازی بێ ئاو و چەند وەزارەتێكی كارامەی بێ ئافرەت و سەدان گوندی ئاوەدان كراوەی بێ سەنتەری گەنجان و میدیایەكی زمان سەربەخۆی گوێ لێ نەگیراو و زۆر شتی تریشمان هەن، ، بەڵام تاقە شتێك كە نیمانە و قەتیش نەمان بووە، پسپۆڕانی تاقیگای سیاسەتی ماتماتیكی (نەك قەدەریی و عەفەوی) یەكە یەكێك لە هەرە ئامرازە گرنگ و هەساسەكانی ناو ئەو تاقیگایەش پێوەرە زانستیەكانی مێژووە، ، ئەو پێوەرەی سەرتاپای پێكهاتە فیزیكی و سایكیەكانی جەستەی دوێنێ ئەخاتە ژێر تیشكی (ئێكس ڕەی) ی پیاچوونەوە بە سەلیقەكانی ئەمڕۆ بە ڕێچەتەیەكی مەرەكەب تۆخ و خوێندنەوەیەكی پرنسپلانەی ئاشنا بە سەردەم كە جگە لە چارە هەنووكەییەكان باس لە سبەی و شیكارە ماتماتیكیە سیاسیەكانی ئایینده ش بكات، ، من پێم وایە كاری پراكتیكی هەموو كریستیانەكانی جیهان بە ڤاتیكانیشەوە هێندەی (قەدەرچێتیی سیاسیی) كورد ئەو ووتەیەی مەسیحیان نەگەیاندۆتە لووتكەی تەنفیز كە ئەڵێت) ) خەمی ئەمڕۆت بێ و گوێ مەدەرە سبەی) ) جەوهەری باس: - ئەمڕۆ مشت و مڕێكی سامناكی تر شەقامی سیاسیی ئەم هەفتەیەی كوردی هە ژاندوە و بەڕێز ڕزگار گوڵەباخ وەك هەر ڕۆشنبیرێكی ئەكتیڤ و دوور بینی تر بە و پێوەرە زانستیە ی مێژوو كە لە سەرەوە باسم لێوە كردوە ماكی ڕەش و خراپ لە سەر

کەوتنی ئایندەی ئەم خۆ خۆ تەعریب کردنەی خۆمانمان بۆ ئەخاتە سەر شاشەی واقیعێکی مەلموس کە هەموو هاوڕاز لەگەڵ بۆچوونە ماتماتیکیەکەیداین و ئەڵێین بەڵێ، داڵدەدان و هێنانی پەنجاو دوو هەزار عەرەب کە کۆی یانزە هەزار خێزانی ناو نووس کراوی تەنها 5 مانگی ڕابووردون + نۆ هەزار عەرەبی پەرش و بڵاوی ناو کوردوستان + نۆ سەد خێزانی تری خۆ ئامادە کردوو لە ناوەڕاست و خواروو + پلانی مسۆگەر کردنی جێ و ڕێ بۆیان کە تاکوو ئەم هەواڵە سەدو حەفتا و چوار خێزانیان خانووی زۆر گرانبەهاو دۆنمە زەوی و بزنزی قەبە و قوورسیان کڕیوە (ئەمە بە مانای داکوتانی هەتا هەتایی) + دەستەبەر کردنی کار بۆیان و کردنەوەی قوتابخانەی عەرەبیی و گازینۆ و سەنتەر و (سبەی مەلهاش) +خۆ ئامادە کردن بۆ کاروانە خێزانی تری ئایندە،

ئە مانە هەموو تەعریبێکـی سەرانسەریی کوردوستان لە سبەینێیەکی زۆر نزیکدا کە بەم باسە کورتە مێژوویەی خوارەوە زۆر ئاسان تر ئەگەینە دەر ئەنجامی ئەو کارەساتە هەرە تراژیدییەی ئیتر بۆ ئەبەد هیچ پەشیمانییەك دادمان نادات.

کەی وە چۆن بۆ یەکەم جار عەرەب هاتە عێراق؟

یەکەم پۆلە عەرەب کە بۆ یەکەم جار پێیان نایە خاکی عێراقەوە سێ سەد و هە شتا سوار و پیادەی خێڵی (المناڑرە) ی یەمەن بوون بە ژن و منالەوە، ، کە بە فرمانی ئیمپراتۆر ئەردەشێری دووەم و تاکوو وادەی ئیمپراتۆریەتی کوردیی سابووریەکانیش لە ژێر چاودێری سوپای نیزامیدا و وەك جاشی سنووری ئەم ئیمپاتۆریەتە مەزنە کاری ئاوڏز نەکردنی عەرەبی تریان

لە خوار شاری (البێرە) پێ سپێردرا کە بە ڕاستی دەستێکی باڵایان

هە بوو لە قاچ و مل پەڕاندنی هاوزمانە قاچاخەکانی ئەو سنوورە تاکوو بە پەلە و بە فرمانی سەرهەنگێك ئەم دیاردەیە قەدەخە کراو گەورە شێخەکەیان (منڑر ما و السما (ئاگادار کرایەوە کە گیراوەکانی سنوور بدەنە دەست دادگاو پۆلیسی سووپا نیزامیەکە، کە سەرجەمیان بە سەرهە نگەکەشەوە کورد بوون، ، بەڵام ( (خویەك فێر بوو بە شیریی تەرك نادرێت بە پیریی ( (ناچار سەرهەنگ نزیکەی پەنجا شەست کیلۆمەترێك ڕووەو ناو خاکی عێراق و ڕێك بۆ ئەو ناوچەیەی کە ئێستاش بە قەزای (المنڑریە) ناو ئەبرێت پاشە کشە بەم یەمەنییانە ئە کات کە لێرە بە دوا ئیتر لە هەزاران لاپەڕەدا جێگای ئە و ڕووداوە ئێجگار خوێناویانە نابێتەوە کە چۆن قۆناخ بە قۆناخ خێڵی ناوبراو لەو کەشە خۆشە ئازادەی هەمیشە کەیف و هەمیشە ئاهەنگ و بەدمەستێتیی و فرە جووت بوونی نا شەرعی دا پاش

ئە وەی تەشەنەیەکی سەرژمێریی هێند بەرچاو ئە کەن کە ئیتر ناوچەکەیان لە قەبارەی گووندێکی گەورەوە ئە بێتە شارۆچکەیەك و هەر لە سەر خووەکەی ( (شیرییش) ) چۆن ئیتر شەوانە لە ناغافڵ و بە چوار لادا ئە کەونە هەڵکوتانە سەر گوندانی دراوسێ کە ئە و دەم زۆرینەی ناوچەکان خێزانی جووتیار و کاسپکار و فەرمانبەر و مامۆستا و سیاسی وئە دیب و ڕۆشنبیر و موڵکداری جیا جیای کـلد و ئاشوور و سریان و شار گەلێك زەردەشتی و هتد، ، نشینی بێ چەك و (موسلیم) و هاوچەرخ و پابەندی دەستوور و یاساکانی ئیمپراتۆرە عیملاق و ئێجگار دەوڵەمەند و

بە هەیبەتەکەی خۆیان بوون، ، بەڵێ مەگەر بە هەزاران پەڕە نووسین ئە و

دەم بگەینە چۆنێتی ڕوون کردنەوەی سەدان و هەزاران غافڵە شەوکووت و پەلامار و تاڵانی ماڵ و زەوتی ژن و کەنیشك و جۆگە خوێنی دوای هەزاران مل لە لاشە کردنەوەی خەڵکی ناوچەکان کە هۆی سەرەکی ئە مانە هەموو ئە گەڕێتەوە بۆ (4) خاڵی لاواز ی خۆشباوەڕانە و نیەت پاکی سیاسەتی زیاتر فەلسەفی گەرێتی دەسەڵات دارانی ئیمپراتۆرەکە خۆی، ، یەکەم کە هەر مادام لە سەرەتاوە داڵدەی ئە م دڕندانەی دابوو نەیهێشتبا بێنە ناو سنوور و کاتێکیش هاوردنیە ناوەوە نە ئە و مەشقە سەربازییە

بالآیەی لە پەیمانگا باڵاکاندا بە لاوەکانی ئە م خێڵە فێر کردبا کە دواجار پلە داریشیان تیا هەڵکەوت و نە وەك هاوولاتی گشتییش لە دادگاکاندا وەك تەمبێ کردنێك یاسای لە سێدارەدانیان لە سەر هەڵگیرابا چوونکە ئە م خێڵە دەشتەکی و بەر بەربیە تەواو فرسەتیان لەو دەستوورەی قەدەغە کردنی سێدارەیە قۆستبۆوە و هەر شەو و ڕۆژێك شمشێریان بە ملی چەند بێ تاوانێکی سیقڵ خوێناویی نەبوایە ناوی ئە و ڕۆژەیان بە (عدم الخیر) (بێ خێر) ناو ئە برد، ئە مانە هەموو لە لایەك و هەڵوێستی چەند نەفس نزمێکی چاو سوور بووی پارە و موڵك زێڕییش لە لایەکی تر کە بە سوود وەر گرتن لە چاو ساغێتیی ئە م سنوور و بیابان ناسانە کەرەستەی زۆر نایابی بازرگانیی ڕەش و سامانی گرنگی جۆراو جۆریان بە ڕێی قاچاغ و دوور لە چاوی گومرگ پێدا ئە ناردنە ئەو چەند ویلایەتە ڕەشماڵ نشینانەی بیابانی جەزیرە و بەمەش لایەك لە بازاڕی موڵکی خەڵکەکەیان ئەکردە خۆراکی بێگانە و بەمەش دیاردەی دۆستایەتیی و میوانداریێتی کردنی کاتیی ئە م یەمەنیە هەڵهاتوانە تا ئە هات زیاتر ڕوەو خاوەن ماڵێتیەکی داسەپاو تر ئەچوو، ، دوا هەڵەی هەرە زەق و هەرە پڕ کارەساتی مێژوویانەش ڕێگ دانیان بوو بە پۆشینی جل و بەرگی باوی ئە و سەردەمە ی کوردو فارس و ئینجاش ناو بە ناو ژن و ژن خوازیی کە ئە مەیان بەر لە هەموو موسیبەتە یەکجار خوێناویەکانی تری دوای خۆی سەرەتا بڕ بڕەی پشتی (ئینتیما) چل و پێنج هەزار ساڵەکەی (ئیندو ئێرانیی) یەتی ناوچەکەی زیاتر بەوە لەکەدار کرد ( (کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ناوچەکەماندا شورای پەروەردەی خێزانیی لە سیستەمی کۆبوونەوە خێزانییە دەنگ سازەکانەوە — وەك فامیلی میتین ی ئێستای ڕۆژ ئاوا — یەکەم گەرای باوك سالاریی تێیدا تررووکا ) (، موختەسەر تاکوو دەسەڵاتی کیسرا و پەیدا بوونی ئاینی ئیسلامیش هەر ئەم خێڵە بوون کە لە پاداشتی چاکەی چەندان ساڵ میواندێریێتی و لێ بوردن و فێر کردن و بە دەستووری شورای قەڵەمڕەوی جۆرە دیموکراتیزەیەکی (باو کاتی) ئەوسای دیوان و زەخت نەکردنە سەر بیرو باوەری جیاوازی کەس کە ئە م خێڵە بت پەرست بوون و کەچی هەر بەو بت پەرستیەشەوە و ( (لە سەر مەبدەئی جارانی فەلسەفەی سەر بۆ ئێوە و ماڵ بۆ ئێمەی جاشایەتی) ) درز و کەلێنیان بۆ لەشکری ئیسلام خستە سنوورەکانەوە و ئینجا بە هاوکاری بازرگانە نەفس نزمەکانی کوڕانی گشت زەمەن دیسان هەمان ئاوی ئەو (دجلە و فرات) (دە چڵە و فرە هات) ی کە لە مێژووی کۆن و نوێ ی عێراقدا حەوت جار لە بەر لاشەی بێ سەر وەستاوە بۆ جاری پێنجەم و تەنها لە ڕۆژی سێیەمدا سەد و شەست هەزار لاشەی بێ سەر ئەگرێتە خۆی، ، هاتنی عەرەب بۆ یەکەم جار لە مێژوودا و (بۆ خاکی عێراق) نزیك ساڵانی (چوار سەدی میلادیە) کە جەنگی سارد و جاسووسگەریێتی نێوان فارس و ڕۆم پێی نابووە نزیك چوار سەدەی پڕ ئامادە باشیی و هەڕەشە لە یەکتر، هاوکات زۆر گرنگە ئە وەشمان لە بیر نەچێت کە هەر لەگەڵ هاتنی یاخووت ڕاونانی ئە و یە کەم پۆلە عەرەبە سێ سەدو هەشتا کەسییە ی (خێڵی المناژرە ی یەمەندا) کە ئیمڕۆ عێراقی عروبە یان لێ درووست بووە هاودەم و هەر لە هەمان ڕۆژ و لە هەمان ڕێکەوتدا بەرامبەرە بە هەڵهاتن و ڕاونانی خێڵێکی تری (چوار سەد و نەوەد) کەسیی هەمان یەمەن و بە ئەسڵیش ئامۆزای هەمان - مناژرە - بۆ سنووری سوریا کەناویان خێڵی) الـغـسـاسـنە (یە و ئەوانیش بە هەمان کاری جاشێتی بۆ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم و هەر بە هەمان ئـوسلووبی

ئامۆزاکانیان لە عێراقی ئەوسا سەر ئەنجام هەر بەو بت پەرستییەوە وەك چاو ساغێکی هەڵگەڕاوە پێش لەشکری ئیسلام ئەکەون و ئەم سوریا عرووبییەی ئەمڕۆ پێك دێنن، ، ئەم کورتە باسەی سەرەوە نابێت هەر بە هەند بەڵکوو مەرجە بە پەندێکی هێند جدی وەر بگیرێت کە مسقاڵە زەڕەیەك عەتفی سیاسی بە سەر ماتماتییکیەتی سیاسیدا زاڵ نەکرێت و ڕێگاش نەدرێت بە هیچ سیاسەت بازێک! !کە سەربەخۆ و بێ پرسی ڕای گشتیی بۆ سازی ئارەزوویەکی

هه نووکەیی یاخووت بۆ ساته خۆ خۆشەویت کردنێك لای کەسانێکی بێگانەی پێشتر گومان لێ کراو دووباره چارەنووسی ئاییندەی نەتەوەیەکی سه د جار ماران گەسته بخاتەوه مەترسی قات و قڕ بوونێکی پێشتر دەرس لێ وه رنه گیراو، هه ڵبەته پەندی) ) کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو ( (که عەرەب به (ڕلرجل ڕلمناسب . (دەستی پێ کردوه و ئێمەش به ووشەی) یەکسانخوازی (کەس.. پشت ڕاستمان کردۆتەوه تاکوو له قاڵبی قەتیسی دروشمی موجەڕەدەوه نەگواسترێتەوه بۆ زەمینەی پراکتیك ئەوا

مه حاڵه مرۆڤی کورد لەم دڵه ڕاوکێ و گومان و نەهامەتییانەی جەسته و دەروون سەرفراز و حه ساوه بێت، ، هەشتا ساڵه پاپۆڕی خەونی کەناره خۆشنوودەکانی ئەم نەتەوەیه کاپتنێکی پسپۆڕ و لێ زانی گەرەکە، ، هەشتا ساڵه ئەم کوردوستانه تایتانیکه ڕۆحی زیندووی لێ ئەتکێ و کەچی دڵه عاتیفیەکەمان له ئاست کردەی شاخه سەهۆڵینه ڕەقەکاندا هەر نەرم و ساویلکانەیە، ، بەڕێزینه، لەم دەریا پڕ زریان و هەڵەشەییەدا با ئیتر ڕامووسانی قه ڕاێینەکان بەس بێت له ڕای خـــــــــــــــــوا....

تێبینی / سەبارەت به ناوێك یا ڕێکەوتێك، ، پشتم به زاکیرەی گرێنتی خۆم بەستوه، ، دەنا ببەخشن چوونکه بیست ساڵانێك ئەبووم که شتێکم لەم باسه خوێندۆتەوه، مانای زیاتر له نۆزده ساڵ لەمەو بەر.

/کـــانەدا